پشت بەست بە دەقی ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە (44)ی ساڵی 2004 یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ، ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لە کۆبوونەوەی یاسایی خۆی ژمارە ( 152 ) لە ڕێکەوتی 2014/1/11 ئەم ڕێنماییەی دەرکرد :-

1- دەرچووانی کۆلێژە ئەهلییەکانی دەرمانسازیی لە ناو عێراقدا پێویستە تاقیکردنەوەی توانستیی زانستیی لەلایەن لیژنەیەکی زانستیی سەر بە ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ئەنجام بدەن بەمەبەستی وەرگرتنیان بە ئەندام و دەستدانە پیشەی دەرمانسازیی لەهەرێم.

2- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**د.ئەمیر شیت چەلەبی**
**نەقیبی دەرمانسازانی کوردستان**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**ژمارە :** 157 **لە** 2013/12/24

**بەیان**

دابەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە جێ بەجێ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە 2011/8/17 کەلە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (170) لە 2013/11/7 بڵاوکراوەتەوە ، وە لەبەر ئەوەی پڕۆژە یاسای چارەسەرکردنی گرفتی زیادەڕەوەی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە و قۆناغەکان تەواو بوە هەروەها لەبەر دەرچوونی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو خانووە نیشتەجێ یانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لە ناو سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 2012 و دەرچوونی ڕێنمایی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی یاسای سەرەوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وە بۆ ئەوەی هیچ هاودژیەك لەگەڵ ئەم یاسا و ڕێنماییانە ڕوونەدات

- بڕیارماندا بە ڕاگرتنی ڕێنمایی تایبەت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە2011/8/17.

**ئەندازیار/ دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 21 )ی ساڵی 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- گۆڕینی هۆبەی خۆیەتی بۆ بەشی خۆیەتی لە بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی / دیوانی وەزارەت .

**بەیانی ژمارە ( 22 )ی ساڵی 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ئەم بەشانەی خوارەوە لە نوسینگەی سەرپەرشتیاری دادی لە دهۆك

1- بەشی خۆیەتی و کارگێڕی .

2- بەشی ژمێریاری .

**بەیانی ژمارە ( 23 )ی ساڵی 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ئەم بەشانەی خوارەوە لە دادگای کارگێڕی هەولێر

1- بەشی کارگێڕی 2- بەشی خۆیەتی 3- بەشی ژمێریاری 4- بەشی یاسا .

**بەیانی ژمارە ( 24 )ی ساڵی 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

2- کردنەوەی ئەم دوو هۆبەی خوارەوە لە سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی

1 . هۆبەی ( IT ) لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی .

2. هۆبەی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون

**بەیانی ژمارە ( 25 )ی ساڵی 2013**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (13) ی ساڵی 2007 وە ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە قەزای ماوەت .

**شێروان حەیدەری**
**وەزیــری داد**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**